# الله چاكەكان وخراپەكانی نووسیوە، پاشان ڕوونی كردۆتەوە

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- لە پەروەردگاریەوە دەیگێڕێتەوە -تَبَارَكَ وَتَعَالَی-؛ كە (پەروەردگار) دەفەرموێت: «الله چاكەكان وخراپەكانی نووسیوە، پاشان ڕوونی كردۆتەوە، هەركەسێك نیازی چاكەیەكی هەبێت وئەنجامی نەدات؛ ئەوا الله لەلای خۆی یەك چاكەی تەواوی بۆ دەنووسێت، وئەوەی نیازی لەسەر هەبێت وئەنجامی بدات؛ ئەوا الله لەلای خۆی دە چاكەی بۆ دەنووسێت هەتاوەكو حەوت سەد هێندە هەتاوەكو چەندەهای زیاتر، وئەوەی نیازی لەسەر كردنی خراپەیەك هەبێت ونەیكات؛ ئەوا الله لەلای خۆی یەك چاكەی تەواوی بۆ دەنووسێت، وئەوەی نیازی لەسەر هەبێت وبیكات؛ ئەوا الله یەك خراپەی لەسەر دەنووسێت».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه البخاري ومسلم في صحيحهما بهذه الحروف)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە خوای گەورە بڕیاری قەدەری دا لەسەر چاکە وخراپە پاشان چۆنیەتی نووسینیانی ڕوونکردەوە بۆ ئەو دوو فریشتەی سپێردراوی نوسینی کردەوەی خەڵکین هەرکەسێک مەبەست و خواستی لەسەر کردنی چاکەیەک بێت ونەیکات ؛ یەک چاکەی بۆ دەنووسرێت، وئەگەر بیکات بە دە هێندە بۆی دەنووسرێت هەتاوەکو حەوت سەد هێندە وزیاتریش، و زیادکردنەکە بەپێی ئەوەی لەدڵی بەندەدایە لە دڵسۆزی وسوود گەیاندن وهتد. وهەرکەسێک مەبەست و خواستی لەسەر کردنی خراپەیەک بێت ونەیکات لەپێناو خوای گەورە؛ چاکەیەکی بۆ دەنووسرێت، وە ئەگەر نەیکات بەهۆی نەبونی دەرفەتێک؛ ئەوا هیچی بۆ نانووسرێت، وئەگەر نەیکات بەهۆی بێ توانابیەوە بەڵام نیەتی وابوو کە بیکات ؛ ئەوا نیەتەکەی لەسەری دەنووسرێت، وئەگەر خراپەکە بکات ؛ یەک خراپەی لەسەر دەنووسرێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66533